سەماحەتی حەکیم جەخت لەسەر گرنگی وانە حوسنییەکان دەکات و گرنگی هەڵبژاردنەکانی 2025 یش دووپات دەکاتەوە

بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی بەکەمەرخ شێخ و هێزەکانی ئەلشەهاری کەوت و سەرەتا پرسەی خۆی بە بەنۆی هاتنی مانگی موحەرەمی حەرام پێشکەشکرد لە یادی شەهیدبوونی سەیدی شەهیدان ئیمام حوسێن (سلاوی لێ بێت).

سەماحەتی سەید حەکیم ئاماژەی بۆ وانانە دا کە لە ڕووداوەکەی کەربلا هێژکەی گرتوە و گوتی ئیمامی حوسێن (سلاوی لێ بێت) پلانێکی تەکمە و زیرەکانەی بنیات نابوو بۆ گوتار و ئامۆژگاری دواتر گەلی لێبری ئەوە خاوەنەکان و ئەهلی بێیتی یەکە یەکە ناردە مەیدان، بۆیە هەر یەکە و هەویست و چیرۆکی خۆیان هەیە، بۆیە کەربەلا بووە دەسێك کە ویژدانی ئومەتی هەژاندو بووە داستانێکی مەزن.

هەروەها هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2025 ی بە قۆناغێکی گرنگ وەسفکرد کە گوزارشت لە درێژەی ئە و ڕێگەی دەموکراسی دەکات کە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2005 دەستپێکرد و نیشانەیەك بوو بۆ بەدەستهێنانی سەقامگیریی بەردەوام کە بە دوای قوربانی گەورەی هەموو خەڵکی عێراق بە پشتیوانی دەستەلاتدارانی ئایینی باڵا و خانەدانی هێزەکانی بە دەستهێنا...
سەماحەتی داوای بەشداریکردنی میللی فراوانی لە هەڵبژاردنەکان کرد لەسەر گەڕێگەی هاندانی خەڵك لەسەر دەنگدان و هەڵبژاردنی خەڵکی باش لە لیستە گونجاوەکان، هەروەها هۆشداری دا لە مەترسی پارەی سیاسی و کاریگەری لەسەر پاکی پرۆسەی هەڵبژاردن لەبەر ئەوەی ڕێگەی دەنگدەر دەگۆڕێت و بەواو مسداقیەتی دیمکراتیەت دەشکێنێت..

هەروەها بەڕێز حەکیم جەختی لەوە کردەوە کە "هەڵبژاردنەکان دەرفەتێکن بۆ گەڕانکاری لە واقیعی خزمەتگوزاریدا" لەڕێگەی یاسادانان و تەرخانکردنی دارایی ڕاستەقینە و بەدواداچوونی نزیک لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئەنجامەکانی بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان و بەدیهێنانی خواستەکانی هاووڵاتیان تەرخان دەکرێت....